www.kurdistannet.org
23-1-2003 2:06

# قارداش سەنعـــان قــەساب و پرسی کەرکوك. . .

**ئەیوب گەلاڵی**
ayoubgalali@hotmail.com

من ئاگاداری ئەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییە (دووقوڵییە) نیم کە بۆبەرێز مام جەلال و سەنعان ئەحمەد ئاغای قەسابی عوزێری مەلا شەرەفی گوایە لەم دواییە لە ئەنکەرای پایتەختی تورکیا سازکراوەونا شزانم ئاخۆ چی تیایدا گوتراوە، وەلیٚ کاتێك وتارەکەی کاك (توانا عەلی) م لە سایتی کوردستان نێت دا خوێندەوە * هیچ شەك و گومانێکم لا نەما کە سەنعان قەساب هەرچی هاتۆتە سەر زاری نەیگێڕاوەتەوەو گوتویەتی. سەنعان قەساب ئەوە یەکەم و داوجاری نییە کە بەو شێوەیە شەکران بشکێنیٚ و کەرکوك بکاتە شارێکی تورکمانی و لە ٧٠٪ی دانیشتوانەکەشی بکاتە تورکمان، ئەو قارداشە لە ساڵی١٩٩٩ لە کتێبۆکەکەی (اربیل اربیلی) بەهەمان شێوە هەولێریشی کردۆتە شارێکی سرف تورکمانی و کوردیشی بە غەوارەو جامانەپیس و چڵکن لەسەر داناوە، هەر بەوەش نەوەستاوە بەڵکو جیدار بەرلینێکی بۆ دانیشتوانی هەولێر دروستکردووەو گوایە ئەوانەی نیشتەجێی ناوەوەی ٣٠ مەتری بونە ئەوە تورکمانن و ئەوانی تر خەڵکی نامۆوغەریبەن. من کاتی خۆی لە رۆژنامەی برایەتیدا وتارێکم لەسەر ئەو کتێبۆکەو نیاز و مەغزا شاراوەکانی سەنعان قەساب نووسی و دواتریش دوو نووسەری دیکە بەهەمان شێوە ئەو بابەتەیان بەسەردا تێپەڕنەبوو ئەوەی نوسیان نوسیان.

وەلیٚ ئەوەی سەیر و سەمەرەیە ئەوەیە کە سەنعان کاتێك خۆی بە تورکمان دادەنێت و بەرامبەر بە تورکەکانیش بەندەی موخلیس و ئامادەباشە بۆهەر کارێك کەپێی راسپێرن، کەچی گڵکۆی باپیری وا لە ناوچەی (گرتك و رۆستێی) نزیك شارۆچکەی (حاجی ئۆمەرانی) نزیك مەرزی کوردستانی عێراق و ئێرانە، خوالێخۆشبووی باوکیشی تا وەفاتی کرد هەر (جامانەو شەدەی کوردەواری) لەسەر بوو خۆی بە کوردێکی رەسەن دادەنا.

ئەو هەڵوێستەی قارداش سەنعان بەو پەندە عەرەبیە دەشوبهێنم کە دەڵێت: (ÃÇÎ ÇáãÓÇáÍ ÃÇÔÚÇÑ æ ÈÑÊÞÇáÉ) . وەلیٚ ئەوەی لە هەمووی سەیرو سەمەرەتر بێت ئەوەیە کە سەنعان قەساب لە زۆر بۆنەو وتارو چاوپێکەوتندا خۆی بە کەسایەتییەکی کوردستانی داناوەو بە کوردیش قسەی کردووە، بەڵام ئەمڕۆ زۆر بەزەییم پێیدا دێتەوە کە وەستاکانی ئاخافتنی کوردیان لیٚ قەدەغە کردووە نایەڵن لەم بارەیەوە ورتەی لەدەم بێتە دەر. **

* سەنعان لە حزوری مامەدا گوتی: زۆرینەی کەرکوك تورکمانە، وتارێکی توانا عەلی. لە سایتی kurdistannet ١/١٤ /٢٠٠٣.

** هەفتەنامەی جەماوەر ژمارە (١٦) لە ٢٠٠٣/١/١٩ لاپەڕە (١) .

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣